# دەنگێك لە كەركوكەوە

**كاوێزمەلاپەروێز**

**كەركوك**

K_mlaprwez@yahoo.com

**بەشی سێهەم**

**چەندین جار سەركردایەتی سیاسی كوردستان ئەوەیان راگەیاندوە كە پیان باشەو كار بەو ئاراستەیە دەكەن لە ئێراق حكومەتێك لەسەر بنەمای ئیستحقاقاتی نیشتمانی دروست بكرێت بە بەشداری سەرجەم پێكهاتەكانی ئەم وولآتە..بە دوای حیكمەتی ئەم رازەدا ناچم كە چەند لە سود و زیانی كوردستانە وەلێ هەمان یان ئەو هەڵوێسەی سەركردایەتی سیاسی كوردستان( پارتی ویەكێتی )درووستە ئەگەر لە كوردستان كاری پێ بكرێت ئەمەش بەو مانایە نا كە بەشوێن گلەو راگەیانـدراوی ئەو پارتە بچوكەكوردستانیانە پێ هەلگرین كە گازندەیان لەوە هەبوە بێ پرس كردن هەردوو حزبی دەسەلآتدار لە حكومەتی یەكگرتووی كوردستان وەزارەتێكیان پێ دراوە..كە باوەرم وایە ئەو حزبانە نەبونیان باشترە لەو بونەی كە وەك مردوو وان...بۆیە بۆ ئێستای كوردستان ئەوەی پێویستە رووی كار بەو ئاراستە بێت كە دەرئەنجامی بەخشش و كۆششەكانمان موسل و كەركوك بەو لایەدا راكێشین لە ئایندە بێنە ژێر چەتری پەرلەمان و حكومەتی كوردستان.**

**بۆیە بە لامەوە گرنگە كار كردن بەو ئاراستیە كە باوەرێك بۆ خەلكی ئەو دوو شارە گرنگەی دوور دەستی ئیدارەی كوردستان بخولقێنین كە دەرئەنجامی گەرانەوە یان لكدندنەوەی هەردوو شار داوای جەماوەری و خەلكی ئەو دووشارە بێت,باشترو كاریگەرتر دەبێ لە داوای سەركردایەتی سیاسی كوردستان بۆیە وا دەزانم پۆست وپایە دەتوانی كاریگەری ئیجابی هەبێ لەسەر ئەو بۆچونە..یان خولقاندنی بۆچونێكی وا.**

**كۆی مەبەستم بەوە گرێ ئەدەم رێزم بۆ هەردوو پارتی خاوەن نفوس هەیە وەلێ نەیانتوانیوە بە كەلك وەرگرتن لە پایەو پۆستی فەرمی وولآت(كوردستان) خەلكی تر بەشدار بكەن لەو پرۆسەیە كە لە كوردستان بەرێوە دەچێ و بە گرنگیشی دەزانم ئەو پایەنە لە چوارچێوەی هەردوو حزب بەرتەسك نەكرێتەوەو دابەش نەكرێن بەلكو بۆ بەرژەوەندی وولآت و كوردستان, لەم قۆناغەیشدا دەكرێ سودی لێوەر بگێردرێت ئەویش بە بەشداریكردنی دەنگ و رەنگی جیاوازتر لە كورد.**